# بۆ ماسییەکەم

کە شە و دادێ
من هێندە بیری تۆ دەکەم
خەو لە چاوانم دەتۆرێ
وا دەزانم
هەر شەو دەبێ
گوومان دەکەم
لەوەی کە ڕۆژ ببێتەوە و
جارێکی تریش خۆر هەڵبێ

بە دەم ئازاری دووریت و
بەدەم ژانی ئەوینتەوە
من زەقە زەقی چاوم دێ و
وا دەزانم
کە قەت قەت ڕۆژ نابیتەوە و
لە لای من هەردەم شەو دەبێ

ئەو کاتەشی کە خۆر هەڵدێ
وا دەزانم
ئیتر ئازار ناچێژم و

جاڕی بەهار بە گوڵ دەدرێ

هەر چاوەڕوانی هەواڵت و
هەر چاوەڕوانی نامە ت و
زەنگی تەلەفۆنت دەکەم
تاوەکو بە خۆم دەزانم
جارێکی تر ڕەنگی ئاسمان پرتەقاڵی و
خۆریش دیسان ئاوا دەبێ

خۆر ئاوابوون
مانای داهاتنی شەوە
مانای زڕاندنی خەوە
خۆر ئاوابوون
مانای نەمانی ڕووناکی
تاریکستان
خەو زڕان و
خەویش لە چاوانم تۆران
بێ ئۆقرەیی و
ئازارکێشان

من دەپرسم
ئاخۆ تاکەی، ژیانی من بەو جۆرە بێ ؟
بۆ دەبێ من، هێندە دڵم لە لای تۆ بێ ؟
بۆ دەبێ، شەو و ڕۆژی من وەکو یەک بێ ؟

ئازارکێشانی ئەوینت و بیرکردنی دووری تۆ بێ؟

تۆ دەزانێت ؟
مرۆڤ هێند سەرسەخت نییە
بەرگە ی هێندە ئازار بگرێ
ئازارێک کە هی ئەوین و
ئازارێک کە هی دووری بێ

بۆیە دەڵێم
گەردنم خۆش و ئازاد کە
چونکە بەدەم ئازاری ئەوینی تۆوە
ڕۆحی شیرینم دەردەچێ
ئەوسا ئیتر
جەستەشم سارد و سڕ دەبێ
ئەوسا ئیتر
بۆ یەکجاری چاوانیشم لێک دەنێم و
ئیتر خەو زڕانم نابێ
چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکەم
هەر هیچ نەبێ
لە ئاسماندا ڕۆحمان تێکەڵی یەکتر بێ

ڕزگار گوڵەباخ
بەرلین 3.6.2006